
چیرۆکی ژیانم

# تەنیا 13 ساڵ بووم

بەشی دووەم و کۆتایی

ڕۆژە دیاربەکری



لەتەمەنی سێزدە ساڵیەوە ڕەوانەی ماڵێك کرام کە جیاوازی زۆریان لەگەڵ ماڵی باوانم هەبوو. ماڵێك سەرتاپای شەڕو ئاژاوەبوو. من لەو ماڵەدا هەم ژن، هەم خزمەتکار هەمیش منداڵ بووم. بەزۆر کرابوومە هاوسەری ئەو پیاوەی کە ژیانی لێ تاڵ کردبووم و داهاتووی لێ زەوتکردبووم. خزمەتکاری پیاوێکی سەختگیرو بە بۆڵەبۆڵ بووم، ئەویش خەزوورم بوو. منداڵی خەسووشم بووم، ئەو وەك دایکێکی میهرەبان دەستی بەسەر دادەهێنام و ڕێنوێنی دەکردم. زۆرجاران بە بەرچاوی منەوە کوڕەکەی خۆی جنێوباران دەکردو ڕاشکاوانە پێدەگوت کە تاوانێکی گەورەت بەرانبەر ئەم منداڵە کردووە، ئەمەو تۆیان نەگوتووە!.

کێشەیەکی دیکەی من ئەوەبوو نەدەبووایە دەوڵەت بزانێ من شووم کردووە، تەمەنم بچووك بوو، پیاوەکەم هەوڵی دەدا تەمەنم گەورە بکات و خۆی لەو کێشەیەش دەرباز بکات. خۆشبەختانە ئەمەی بۆ نەچووە سەر. ماڵ بۆ خۆی دۆزەخ بوو، بەڵام کاتێ خەسووم کۆچی دوایی کرد، دۆزەخەکە ناخۆشترو گڕگرتووتر بوو. من لەگەڵ دوو پیاوی بێویژدان و کەللەڕەقدا لەماڵێکدا زیندانی کرابووم. بۆم نەبوو سەردانی ماڵی باوکم بکەم، باوکم سوێندی لێخواردبووم کە نابێ چاوی بەچاوم بکەوێتەوە. جارجارە دایکم بەدزییەوە دەهاتە لام. من تاوانم کردبوو، دوو بەرانبەر خوێنی منیان لەکابرا وەرگرتبوو کەچی لەلای باوکم و براکانم من وەك تاوانباری سەرەکی ناسرابووم. ڕۆژ دوای ڕۆژ ژیانم ناخۆشتر دەبوو. پیاوەکەم ڕێگەی نەدەدام بچمە بازاڕ، سەردانی خزم و هاوڕێکانم لێ قەدەغەکرابوو. دڵ پیسی لێدەکردم و نە دەبووایە پیاوی دیکە بدوێنم. زۆر جاران بیرم لەخۆکوشتن دەکردەوە، بەڵام دەمزانی خۆکوشتن کێشەکە چارەسەر ناکات. بیرم لەتۆڵە کردنەوە دەکردەوە، زۆر جاران بەمێشکم دادەهات کە شەوێك ئاگر لەماڵ بەردەم و تا هەرسێکمان بەیەکەوە بسووتێین، دیسانەوە لەداهاتووی ئەم کارە دڵنیا نەبووم، دەمگوت ئەگەر ماڵەکە نەسووتاو زانرا من ئەو کارەم کردووە، ئەوکاتە دوژمنایەتی لەنێوان بنەماڵەی ئێمەو بنەماڵەی ئەوان دروست دەبێ. شەڕو خوێنداری هۆزو خێڵایەتی لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا زۆر ناخۆش و پڕ کارەساتە، بۆیە نەمدەوێرا ئەو کارە بکەم. ئیدی من بەزۆر خۆم بەداوێنی ژیان شۆڕکردبۆوە. کەچی هەمیشە بەو پەندە دڵی خۆم دەدایەوە کە دەڵێ: خوا مافی بزنی بێشاخ لەبزنی بەشاخ دەسێنێتەوە. بەردەوام نوێژم دەکرد. بەڕۆژوو دەبووم. قورئانم دەخوێند. چاوەڕوان بووم کە خوا تۆڵە لەو زۆردارە بکاتەوە. من لەنێوان هیواو نائومێدیدا دەژیام. زۆرجاران بیرم لەوە دەکردەوە کە سەری خۆم هەڵبگرم و بچم لەشارێکی گەورە خۆم بزر بکەم، زوو لەو هزرە پەشیمان دەبوومەوە، دەمگوت: دوایی خەڵك وابڵاو دەکەنەوە کە ڕەدوو کەوتووە، بەمەش ئاوڕووی ماڵی باوانم دەچوو. لەنێو کۆمەڵ سووك و کەمڕێز دەبوون. لەلایەکی دیکەشەوە لەئایندەی ئەو هزرە دڵنیا نەبووم، دەترسام لەوێش ببمە نێچیری دەستی ڕاوچیان و خراپترم بەسەر بێ.

ڕۆژێکیان بەتەنیا لەماڵ بووم، زەنگی دەرگە لێدرا، بۆم نەبوو دەرگە لەکەس بکەمەوە. بۆیە خۆم تێکنەداو دەرگەم نەکردەوە. دەنگی غەڵبەغەڵب گەورەتر دەبوو. بەتووندی لەدەرگە دەدرا. هەر هێندەم زانی چەند پۆلیسێك دەرگەکەیان شکاندو هاتنە ژوورەوە. من زۆر ترسام، قیژاندم و هاوارم کرد. ئەوان منیان هێورکردەوەو پرسیاری پیاوەکەمیان کرد. ئەو بەیانی زوو لەماڵ دەردەچوو، نیوەڕۆیان بۆ فراوین خواردن دەهاتەوە. خەزووریشم بەیانیان دەردەچوو، لەگەڵ هاوتەمەنانی خۆی لەچایخانە دامەو شەترەنجی دەکرد. هەمیشە بەیەکەوە یان بەدوای یەکەوە دەهاتنەوە. پۆلیسەکان ماڵیان پشکنی، دوایی ڕۆیشتن. من دڵم داخورپا بوو، هەستم بەمەترسی دەکرد. لەپەنجەرەوە سەیری دەرەوەم دەکردو چاوەڕوانی هاتنەوەی ئەوانم دەکرد. نزیك نیوەڕۆبوو، پیاوەکەم هاتەوە. بینی بووی لەپەنجەرەوە سەیری دەرەوەم کردووە، بێ سڵاوو چاك و چۆنی کەوتە لێدانم. زۆر جنێوی ساردی پێدام. نەیهێشت ڕووداوەکەی بۆ بگێڕمەوە. ئەو لێی دەدام کە پۆلیسەکان بەژووری وەربوون. بێ سێ و دوو قۆڵبەستیان کردو بردیان. پۆلیسەکان دەیانویست بڕۆن، خەزوورم هاتەوە، کوڕەکەی بەقۆڵبەستراوی دیت، سەری سووڕما. لێیان نزیك بۆوەو هۆی گیرانی پرسی. ئەوان زۆر تووڕەو توند بوون، بەتووڕەییەوە پێیان گوت: لەکوڕە بێ ئەدەبەکەت بپرسە بزانە چی کردووە. هەر ئەوەندەیان گوت و ڕۆیشتن. من و خەزوورم دڵ تەنگ دانیشتین. من کە نەمدەتوانی هیچ بکەم، بەڵام ئەو جورئەتی نەدەکرد بچێ و سۆراخی کوڕەکەی بکات. بەیەکەوە دانیشتبووین و دەیان لێکدانەوەمان دەکرد. ئەو پێیوابوو دەوڵەت بەژنهێنانەکەی زانووە، گرتوویانەو لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکەن. من دەمزانی مەسەلە ئەوە نیە، ئەگەرنا منیشیان دەبرد.

هەفتەیەك بوو لەزیندان ڕاگیرابوو. نەمدەزانی هۆی گرتنەکەی چیە، لەڕاستیشدا حەزم بەگیرانی دەکرد. پێموابوو ئەگەر ئەو بگیرێ، ئیدی دەرگەی ماڵی باوکم بۆ دەکرێتەوە. بەداخەوە وا دەرنەچوو. ئەوان هەر خۆشیان لەمن نەگەیاند. دایکیشم نەهاتە سەردانم. من و خەزوورم مابووینەوە. ڕۆژێکیان وەڵامی ناردبوو تا من و خەزوورم بچین سەردانی بکەین، بەڵام خەزوورم ڕازی نەبوو من لەگەڵ خۆیدا ببات، بەتەنیا چوو. کاتێ گەڕایەوە ماڵ هەواڵیم پرسی، حەزم دەکرد بزانم بۆچی گیراوەو کەی ئازاد دەبێ. خەزوورم ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی: ئەمجارەشیان ئاوڕووی بردووین، باوەڕ ناکەم بەم زووانە ئازاد بکرێ، لەوانەیە 5–6 ساڵێك بیگرن. ئیتر زۆرم هەوڵدا تا هۆکاری گرتنەکەی بزانم. خەزوورم گوتی: دەڵێن دەستدرێژی کردۆتە سەر کوڕێکی 9 ساڵان!!، جا نازانم ڕاستە یان بۆختیانیان پێکردووەو بۆیان هەڵبەستووە!. من پێم ناخۆشبوو، بەڵام ئەو کارانەم لێ بەدوور نەدەزانی.

دوای چەندین هێنان و بردنی دادگەو لێپرسینەوە، سەرەنجام 7 ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە. ئیدی من و خەزوورم بەتەنیا ماینەوە. خەزوورم کاری نەدەکرد. ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕەوشی داراییمان خراپ دەبوو. من دەمویست بچمەوە ماڵی باوکم. دەمگوت چی دەبێ با ببێ، لانی زۆر دەکوژرێم. من کوشتنم پێ لەو ئاوڕووچوونە باشتربوو. خەزوورم جار جارە دەچووە دەرەوە. ڕۆژێکیان بانگی کردم و گوتی: بۆ خۆت دەزانی کەپیاوەکەت گیراوەو ئیدی بەم زووانە بەرنابێ. لێرە ژیانمان نەماوە، من توانای کارکردنم نیە، دەبێ خۆت کاربکەیت. من نەمدەزانی دەبێ چ کارێك بکەم. پرسیم چ کارێك هەیە تابیکەم. خەزوورم کەمێك داما. دواتر گوتی: لێرە باردەکەین و دەچین لەشارێکی گەورەتر دەژین، لەوێ کار زۆرو زەوەندە. هەرچۆنێ بوو وەڵامم بۆ دایکم نارد. ڕاستی ژیانی خۆم و نیازی خەزوورم تێگەیاند. دایکم ڕازی نەبوو کە من بچمەوەلایان. ئەو پێیوابوو کە داهاتووم خراپ دەبێ. من ترسی خۆم لە گواستنەوە بۆ شارێکی گەورە پێراگەیاند. ئەو بەهێندی وەرنەگرت. ئەو پێیوابوو خەزوور وەکو باوك وایە. شەرەف و ناموسی بووکی خۆی دەپارێزێ. خەزوورم لەژێرەوە کاری خۆی دەکردو خۆی بۆ ماڵ گواستنەوە ئامادە دەکرد. خانووەکەی فرۆشت. ماڵمان تێکناو گواستمانەوە. لەشارێکی گەورە گیرسایەوە. خەزوورم خانووێکی بچووکی لاچەپی کرێ کرد. ماوەیەك بوو لەهەوای نوێی دەمانگوزەراند. شەوێکیان خەزوورم بانگی کردم و گوتی: ئیدی نەکەس دەماناسێ نەکەسیش دەماندۆزێتەوە. کاردەکەین و دەژین. پرسیم چ کارێك هەیە کەبیکەین. بەپێکەنینەوە لێم نزیك بۆوەو دەستی لەمل کردم. توند منی لەباوەش گرت و ماچی کردم. توونا گوتی: ئەم کارە. من لەنیازی تێنەگەیشتم، بەڵام هەستم کرد ئادگاری لەدڕندە دەچێ. ئەو نەیهێشت زیاتر قسە بکەم، منی درێژکردو ویستی دەستدرێژیم لێبکات. من خۆم ڕاپسکاندو ویستم هاوار بکەم. ئەوشێوەی دڕندەی وەرگرتبوو. پەلاماری دام و ماتی کردم. ئیدی دوای کوڕەکەی ئەو یەکەمین کەسبوو کەدستدرێژی کردە سەرم. من نەمدەزانی چی بکەم. بەڵام دەمزانی داهاتوو زۆر خراپتر دەبێ. بەیانی زوو لەخەو هەستا. پاشان چووە دەرەوە دەرگەشی لەدوای خۆیدا قوفڵدا. من لەنێو زیندانێکی بچوکتردا زیندانی کرام. دوای نیوەڕۆ خڕەی دەرگە هات و لەگەڵ 2 کەسی دیکە وەژووری کەوتن. ئیدی منی پێشکەش بەوان کرد. من هاوارم کردو ویستم پارێزگاری لەخۆم بکەم، ئەوان سێ کەس بوون بەزۆر دەمیان گرتم و پەلزەفتیان کردم. دوای ئەو ڕوداوە جگە لەڕاکردن و خۆ ناساندن بە پۆلیس هیچ ڕێگەچارەیەکم بۆ نەمایەوە. دووکەسەکە ڕۆیشتن، خەزوورم مایەوە. قسەی خۆشی دەکردو بەهاری دەهێنایە چۆکان و وای پێشان دەدا کەئیدی ئاسوودە ڕادەبوێرین، هەم دەوڵەمەند دەبین هەمیش خۆشبەخت دەبین. من بیرم لەپلانی دەرباز بوون دەکردەوە، بۆیە لاملیم لەگەڵدا نەدەکرد. وام پێشان دەدا کەمنیش بەو کارە ڕازی دەبم. شەو داهات و خەوتین ئەو لەگەرمەی خەودابوو کەمن هاتمە دەرێ. خۆشم نەمدەزانی بەرەو کوێ دەڕۆم ملی ڕێگەیەکم گرتبوو، دەڕۆیشتم ئۆتۆمۆبیلێکی پۆلیسم لێوەدەرکەوت، دەستم لێ بەرزکردەوەو ڕامگرتن. ئیدی خۆم ناساندو چیرۆکی ژیانی خۆم بۆ گێڕانەوە.



گۆشەی دەدوون

*دونیا*

## ئەم قسەیەم بۆ جەنابی سەرۆکە

لەڕۆژی تەقینەوەکانی شاری کەرکوك لە 13–6دا ئەوەی من بینیم ڕەنگە جیاوازی هەبێ لەبینینی یەکێکی دیکە، جیاوازی بەو مانایەی هەندێ کەس ترس و دڵەڕاوکە دایگرتبوون، نەك ئۆتۆمۆبیلەکەیان بەرچنگی چەند پۆلیسێکی مشەخۆر بکەوێت و لەخۆڕاوە تۆمەتیان بۆ دروست بکەن. هەندێکی دیکە ترسی کوشتنی خۆیان، یان کەسێکیان هەبوو، بۆیە ڕەنگ زەردو لێو بەبارو هەناسە سوار هەر خەریکی پرسیارکردن بوون، بەقوربان تەقینەوەکان لەکوێ بووە؟، چەند کوژراوە؟، بریندارو تەرمەکان دەبەن بۆ کوێ؟، ئەی ڕاستە دەڵێن چەندەها سەیارەی بە لوغم ڕێژکراوی ترماون و نەگیراون؟. بەشێوەیەکی گشتی شار زۆر مەشغول بوو، خەڵکی نەیاندەزانی چی بکەن، حکومەت و وەزارەتی ناوخۆش زۆر لەخەڵك مشەوەش تربوون، بەڵام ئەوەی من بینیم جیاوازی یەکەی لەگەڵ خەڵکی ئاساییدا ئەوەبوو کە هیچ کێشەیەکی یاسایی و سیاسی، یان کێشەی سەنەوەی و وەکالەتی ئۆتۆمۆبیلم نەبوو، بۆیە چەند شوێنێکی ناو شار گەڕام هەتا چەند تێبینی و زانیارییەك کۆبکەمەوەو لەئەلبوومی دەروونەکەمدا تۆماری بکەم. ئەو ڕۆژە حکایەتێکی مەلای مەشهوری بەیادم هێنایەوە، دەڵێن شەوێکیان مەلایان بینی زۆر مەشغول بوو، وتیان چی بووە، ئەویش ووتی لیرەیەکم لێ وون بووە، وتیان لەکوێ، ئەویش وتی لەو تاریکاییە، ئینجا وتیان ئەی بۆچی لەوێ ناگەڕێی، هاتووی لێرەدا دەگەڕێی، وتی کاکەگیان ئێرە ڕۆشناییەو گەڕانی خۆشترە لەوێ هیچ نابینم.. ئەو ڕۆژە دەیان مەفرەزەم بینی کە ئۆتۆمۆبیل و خەڵکیان تەفتیش دەکرد، بەڵام چۆن و لەکوێ؟. گەڕەکە کوردییەکان کە هیچ تەقینەوەیەکی تیادا ڕووی نەدابوو، هەر دەتووت مەڵبەندی تیرۆریستانە، ئەگەر سوێندت بخواردایە کە هەموو پۆلیسی کەرکوك لەوێ کۆبوونەتەوە ڕەنگە سوێندەکەت نەکەوتایە، نازانم لەترسی خۆیان بوو هەتا تورکمان و عەرەب نەیانکوژن، مەلا وتەنی ئێرە ڕۆشنایترو ئاسان تربێ تا ئەو ڕۆژەی تیا بەسەربەرن، یان فیعلەن بەڕاستی تیرۆریستەکانی ناو (بارووت خانەیان) دابوو لەچاو بۆیە ئەو گەڕەکە کوردییانەیان تەنیبوو.. هەرکەسێکی نەشارەزا بەرێکەوت ڕێی بکەوتایەتە بەو شوێنە، ئەگەر پێشمەرگەی کۆن و دڵسۆزترین تاکی کورد بووایە سادەترین قسە یان جوڵە تووشی دەکرد، هەر بۆ نموونە مەفرەزەکان کە دانرابوون گەر هەمووشیان نەبن زۆربەی هەرەزۆریان زیاتر سەیری مۆڵەتی شۆفێری و سەنەوییان دەکرد ئیتر گوێیان لێ نەبوو کێ لەسەیارەکە سواربووەو چییان پێیە.. لەنزیکەوە خەڵکی زۆر دڵسۆزم بینی بۆ کاری نەخۆشی ڕێیان کەوتبووە ئەو شارە، تووشی حاڵەتێکی سەیرهات، لەیەکێك لەمەفرەزەکان کارتی زانیاری هەرێمی کوردستانی پێشاندا کە لەسلێمانی بۆی کرابوو، پێیان ووت ئەوەلادە بانەیدرم، کەچی لەمەفرەزەیەکی دیکە بینیم کە یەکێك هەر لەوکارتەی پێشاندا یەکسەر بەڕێیان کرد.. لای نەخۆشخانەی ئازادی و فولکەی ئەڵماس و فولکەی ئیخوان و شۆڕیجەو پردە (نوێیە رووخاوەکەی) سەر خاسە هەندێ مەفرەزەم بینی کە نزیکەی (15 مەتر) لەم لایانەوە دەیان ئۆتۆمۆبیل پێچی دەکردەوەو بەسەر ئەواندا تێپەڕیان دەکرد، کەسیش هەقی نەبوو بەسەریانەوە وەکو بڵێی ئەوانە جەماعەتی خۆیانن. سەیارەی پڕ پۆلیسم بینی لەبازاڕی حەسیرەکەوە تا بەنزینخانەکەی ڕێی سلێمانی زیاتر لەنیو کاتژمێر لەپێشی ئەو خەڵکەوە بوون و لولەی تفەنگەکانیان ڕووەو ئۆتۆمۆبیل و خەڵکەکان کردبوو وەك ئەمریکیەکان نەیاندەهێڵا کەس لێیان نزیك بکەوێتەوە، تەنانەت تاکسییەك ژنێکی تیابوو کە وەزعی زرۆ خراپ بوو دەیبرد بۆ نەخۆشخانە لەبەرئەوەی زۆر پەلەی دەکرد خەریك بوو تەقەیان لێ بکەن، دواتر لەگەڵ پۆلیسەکان بوو بەشەڕیان و خەڵکی زۆریشیان لێ کۆبۆوە، لەهەموو ئەوانە سەیرتر ماڵی خزمێکی نزیکم لەڕێی بەغدایە بەمۆبایل قسەم لەگەڵدا کرد، وتم ئەرێ برا هەرچی کوچەو کۆڵانی ئەم شارەیە گیراوە ناتوانم سەردانت بکەم وتی وەڵاهی لای ئێمە تەقینەوەیەك بووە، بەڵام ئەوەی پێی دەڵێن مەفرەزە نییە مەگەر بەخێراییەکی زۆر تێبپەڕن، هەواڵی (عروبەو حی النصر)یش هەروابوو...

ئینجا سەرۆکە بەڕێزەکانم مام و کاکی بەڕێزو خۆشەویستم ئەوە گریمان (نوری مالکی) بەعەرەب و تورکمانیشەوە ئەم وەزعەیان پێ خۆشەو سەرئێشە بۆ کورد دروست دەکەن، بەڵام ئەی ئێوە بۆ بەجدی ئەو بەڵێن و پەیمانەی کە لەشاخ داتان کە کەرکوك وایەو ئەمەیە ناهێننەدی، ئەگەر دوو دەزگای ئاسایشی هەرێم و ئەو سەدان پۆلیسە کوردە لەسەر ئەو عەقلیەتە کار بکەن کە لەو ڕۆژە بینرا ئەوە لەوشارەدا ژیان دەبێتە مەرگێکی لەسەر خۆو پڕ لەترس و نائارامی، زۆر خەڵکیش هەن کەئێستا پەشیمانن لەگەڕانەوەیان بۆ ئەو شارەو دەڵێن حاڵ وابڕوا لەهەر دەرفەتێك بێت ڕوودەکەینەوە بۆ شارەکانی دیکەی کوردستان، ئەو قسانەم بۆ ئێوەی بەڕێزەو وردەکاری زۆر هەڵ دەگرن، تکایە ئێوەش بەهەند وەری بگرن.

# خوێندنگەی کوردی زووترمیر هیوای منداڵانی کورد

زووترمیر شارێکی ڕەنگینی وڵاتی هۆڵندایە، ئەوەی سەرنجی کوردان بەلای خۆیەوە کێش دەکات ئەو خوێندنگەیە کە منداڵانی کورد ڕۆژانی یەکشەممە ڕووی تێدەکەن و بەپەرۆشەوە بۆ فێربوونی نووسین و خوێندنەوەی کوردی بەپیتی عەرەبی لەپۆل دادەنیش. ئەو خوێندنگەیە لەئۆکتۆبەری ساڵی 2005 بەهەوڵ و کۆششی ناوەندی کوردی زووترمیر دامەزراوە. ئەرکی بەڕێوەبردن و بەردەوام کردنیشی گرتۆتە ئەستۆ. ئێستا خوێندنگەکە تەنیا پۆلی یەکەم و 23 فێرخوازی هەیە. ئەو فێرخوازانەی لەو خوێندنگەیەدا دەخوێنن تەمەنیان لەنێوان 5 تا 14 ساڵانە. خوێندنگەکە بەو ئامانجەوە دامەزراوە تا منداڵانی کوردی دانیشتووی ئەو شارە فێری نووسین و خوێندنی زمانی کوردی ببن.



ڕۆژانی یەکشەممە زارۆکانی کورد بەهاوڕێی دایك یان باوکیان دەچنە فێرگە. رووی پرسیارمان لەفێرخوازێکی ئەو خوێندنگەیە کردو پرسیمان: بۆچی دەتەوێ نووسین و خوێندنی کوردی فێرببیت، خۆتۆ لەکوردستان ناژیت؟.

لەوەڵامدا گوتی: من کوردم، دەبێ زمانی دایك و باوکی خۆم بزانم. من شانازی بەکورد بوونمەوە دەکەم، شەرمە ئەگەر نەتوانم بەزمانی نەتەوەکەی خۆم بنووسم و بخوێنم.

هەروەها مامۆستا شۆخان غەریب لەم پێوەندییەدا گوتی: وێڕای فێرکردنی نووسین و خوێندنی کوردی، ئامانجمان ناساندنی کولتورو وێژەی کوردیشە، دەمانەوێ زارۆکانی کورد نەتەوەی خۆیان و مێژووی خۆیان بناسن.

هەروەها ڕێژنە سەردار یاریدەدەری مامۆستا گوتی: ئەم خوێندنگەیە بەهەوڵ و کۆششی ناوەندی کوردی زووترمیر وەبەرهەم هاتووە, سوپاسیان دەکەین.